هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No: ژمارە: ٤٤٩٢
Date: ٢٠٢٠/٧/٢٩ رێکەوت: ٢٧٢٠/ ٥/ ٧ ی کوردی خەرمانان

بۆ/ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ وێنەی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٣٤)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٥ بە ژمارە (٧٢) دەنێرین بۆتان تایبەت بە پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق )، بە مەبەستی ئاراستەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان. وێنەیەکی پڕۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هاوپێچی ئەم نووسراوەیە.

لەگەڵ ڕێزدا.

<u>هاوپێچ:</u>
بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٢) لە ٢٠٢٠/٧/١٥ و هاوپێچەکەی.

د. ئامانج ڕەحیم
سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

Council of Ministers, Kurdistan Street, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Phone: +964 (066) 2220210 – 2230247 – 2230248
cm@gov.krd
www.gov.krd
هەرێمی کوردستان – هەولێر – شەقامی کوردستان – ئەنجومەنی وەزیران
تەلەفۆن: ٢٢٣٠٢٤٨ – ٢٢٣٠٢٤٧ – ٢٢٢٠٢١٠ (٠٦٦) ٩٦٤+

No:

Date:

ژمارە:

ڕێکەوت: / / ٢٧ی کوردی

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسێی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٧٢) لە ٢٠٢٠/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤) لە ٢٠٢٠/٧/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پرۆژە یاسای نوێی فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان).

٢. ئاڕاستەکردنی پرۆژە یاسای پەسەندکراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزير الإقليم لشؤون البرلمان
مكتب وزير

ژمارە: ٤٥٨١
No:

ڕێکەوت: ١٩ / ٨ / ٢٠٢٠ ی ٢٧٢٠ کوردی
Date: ٢٠٢٠/٨/١٠

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

## ب / پرۆژە یاسا

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
هاتوو
ژمارە ٩٧٤/٢/٤
ڕۆژ ٢٠٢٠/٨/١٩

هـاوپێچ لـەگـەڵ نووسراومـاندا بریاری ژمارە (٧٢) ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٥ تایبەت بە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای ( فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق ) بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی ) بۆتان ڕەوانە دەکەین .

لەگەڵ ڕێزدا...

**د. ڤالا فەرید ابراهیم**
**وەزیـری هەرێـم بۆکاروبـاری پـەرلەمان**
٢٠٢٠ / /

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان لەگەل بەرابیەکان...بۆ ئاگاداریتان ، لەگەل ڕێزدا
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەنلەگەل بەرابیەکان ...بۆ ئاگاداریتان، لەگەل ڕێزدا.
- خولاو.

# پرۆژە

# یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت

# لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## دەروازەی یەکەم

## بنەما سەرەکییەکان

**ماددەی ١**

**یەکەم**– حوکمەکانی ئەم ئاسایە پیادە دەکرێن بەسەر مایە گوێزراوە و نەگوێزراوەکانی دەوڵەت لە کاتی فرۆشتنیان یان بەکرێدانیان، مەگەر یاسا بەپێچەوانەی ئەمە دەق بکات.

دووەم– دەستەواژەی (مایەکانی دەوڵەت) مایەکانی کەرتی گشتی دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**ماددەی ٢**

نابێت مایەکانی دەوڵەت بفرۆشرێت یان بەکرێ بدرێت تەنها ئەگەر وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدانیان بدات، لە کاتی هاتنەدی بەرژەوەندیی گشتی، بەو مەرجەی لە بڕیارەکە جۆر و ئاکار و بڕی ئەو مایانە دیار بکرێت کە دەویسترێن بفرۆشرێن یان بەکرێ بدرێن.

**ماددەی ٣**

فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە رێگەی زیادکردنی ئاشکراوە دەبێت بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسایەدا دیارکراون، مەگەر یاسا بە پێچەوانەی دەق بکات.

**ماددەی ٤**

کارمەندانی وەزارەت و ئەو لایەنانەی نەبەستراوەن بە وەزارەت یان کەرتی گشتی ئەوانەی بڕیاری فرۆشتن یان بەکرێدانی مایەی ئەو لایەنەیانداوە کە کارمەندن لەلایان هەروەها ئەندامانی هەردوو لیژنەی مەزەندەکردن و فرۆشتن و بەکرێدان بۆیان نییە ئەو مایانە بکڕن یان بەکرێ بگرن لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە ئەم حوکمەش بەسەر هاوسەرەکان و خزمە نزیکەکانیان تا پلەی چوارەم پیادە دەکرێت.

**ماددەی ٥**

کەسی غەیرە عێراقی بۆی نییە مایەیەك لە مایە نەگوێزراوەکانی دەوڵەت بکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنان ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

## دەروازەی دووەم

## فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکانی دەوڵەت بەزیادکردنی ئاشکرا

## بەشی یەکەم

## لیژنەکانی مەزەندەکردن و فرۆشتن و بەکرێدان

**ماددەی ٦**

فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی ئەو لیژنانەوە ئەنجام دەدرێت کە بە بڕیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات، پێکدەهێنرێت.

**ماددەی ٧**

یەکەم- لیژنەی مەزەندەکردن لە (٣) سێ فەرمانبەری خاوەن شارەزایی پێکدەهێنرێت کە وەزیفەی هیچ کامیان لە پلەی پێنجەم کەمتر نەبێت.

دووەم- فەرمانبەرێك لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەرێکی ژمێرکاری لە کارمەندانی وەزارەتی دارایی وئابوری هاوەڵی ئەو لیژنەیە دەکات کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە.

سێیەم- لیژنە بۆی هەیە پشت بە شارەزاییکی پسپۆڕ ببەستێت.

**ماددەی ٨**

ئەو لیژنەیەی لە ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە ئەمانەی خوارەوە لەئەستۆ دەگرێت:

یەکەم- دەرخستەکردنی (الکشف) مایە نەگوێزراوەکە بۆ دیارکردنی ژمارە و پێگە و رەگەز و جۆر و سنوور و ئاکارەکانی، و پێکهاتەکانی و رووبەرەکەی لەگەڵ چەسپاندنی ئەو شتانەی لەسەری دروستکراون یان چێندراون یان روێندراون.

دووەم- مەزەندەکردنی بەهای مایە نەگوێزراوەکە یان بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانەی، لیژنەش لەم بارەیەوە بەرچاوڕوونی وەردەگرێت لەو بەهایەی لە لایەن فەرمانگەی خانووبەرەوە بۆی مەزەندەکراوە هەروەها لە بەهای ئەو خانووبەرانەی دەکەونە تەنیشتی یان هاوشێوەن لەگەڵی یان بەرامبەرەکانی راستەقینەی فرۆشتی یان بەکرێدانی ساڵانەی یان مەزەندەکراو بۆ مەبەستەکانی باج، هەروەها لیژنە بۆی هەیە پشت بەو شارەزایانە ببەستێت کە پێی باشە و بڕیارەکەی بە رێککەوتن یان بەزۆرینە وەردەگرێت.

سێیەم- لیژنە کۆنووسێك رێکدەخات ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە لە هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە و لە لایەن ئەندامانی لیژنە و فەرمانبەری تۆمارکردنی خانووبەرە و فەرمانبەری ژمێریاری لە وەزارەتی دارایی و ئابوری و شارەزایان، ئەگەر هەبن، واژوو دەکرێت، ئەم مەزەندەکردنەش بنبڕ نابێت تەنها لە دوای پەسەندکردنی نەبێت لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات.

**ماددەی ۹**

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان لە (۳) سێ فەرمانبەری خاوەن شارەزایی پێکدەهێنرێت کە ناونیشانی وەزیفی هەر یەکێکیان لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران کەمتر نەبێت یان لەوانەی ڕاژەی وەزیفیان کەمتر نەبێت لە (۱۰) دە ساڵ، ئەم لیژنەیەش ڕێکارەکانی فرۆشتنی مایە نەگوێزراوەکان یان بەکرێدانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی ۱۰**

نابێت نێوانی ئەندامێتی لیژنەی (مەزەندەکردن)ی پێکهێنراو بەپێی ماددەی (۷/یەکەم) و لیژنەی (فرۆشتن و بەکرێدان)ی پێکهێنراو بەپێی ماددەی (۹)ی ئەم یاسایە، کۆبکرێتەوە.

**ماددەی ۱۱**

یەکەم- کرێی خزمەتگوزاریی بەرێژەی (۲٪) دوو لەسەدی بەرامبەرەکانی فرۆشتن یان بەکرێدانی ئەو مایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە کڕیار یان کرێچی وەردەگیرێت.

دووەم- ئەو بڕە پارانەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە گشت ئەو خەرجییانەی پێویستن بۆ ئامادەکردنی مایەکە بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان دەبڕدرێت لە نێوانیشیاندا کرێی ڕاگەیاندن و بانگەوازکردن و کرێی لیژنەکانی دەرخستەکردن (الکشف) و مەزەندەکردن و فرۆشتن و بەکرێدان.

سێیەم- کرێیەك دەبەخشرێتە ئەندامانی هەردوو لیژنەی دەرخستەکردن (الکشف) و مەزەندەکردن و فرۆشتن و بەکرێدانی مایە گوێزراوە و نەگوێزراوەکانی دەوڵەت ئەوەی مەزەندە دەکرێت یان دەفرۆشرێت یان بەکرێ دەدرێت، بە بڕی (۱۰۰۰۰) دە هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان و (۵۰۰۰) پێنج هەزار دینار بۆ هەر یەك لە فەرمانبەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەگەر خانووبەرەکە هی وەزارەتی دارایی نەبێت، و بۆ کەسی شارەزا و سکرتێری لیژنە و ئەمینداری سندوق و شوفێرە هاوەڵەکانی لیژنە بەرامبەر بە هەر کۆنووسێکی مەزەندەکردنی پەسەندکراو کە لیژنە ڕێکیدەخات یان لیستێکی زیادکردن کە لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان ڕێکیدەخات و کۆی گشتی ئەو کرێیانەی

دەبەخشرێتە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو لیژنانەی لەم بڕگەیە دەقیان لەسـەرکراوە مانگانـە نابێت لە (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار زیاتر بێت، و بۆ هەر هاوەڵێکیش مانگانە نابێت لە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار زیاتر بێت.

**چوارەم**- ئـەو بانگـەوازکارەی هەڵدەسـتێت بـە بانگـەوازکردن بەمەبەسـتی فرۆشـتن یـان بەکرێدانی مایە گوێزراوە یان نەگوێزراوەکانی دەوڵەت کرێی بانگەوازکردنی پێ دەبەخشـرێت بە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە بڕی هەر حاڵەتێکی فرۆشتن یان بەکرێدان بەو مەرجـەی مانگانە لە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت.

پێنجەم- ئەنجومەنی وەزیـران بـۆی هەیـە ئـەو کرێیانـەی لـە هـەردوو بڕگـەی (سـێیەم) و (چوارەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە هەموار بکات هەر کاتێك پێویست بێت.

شەشەم-

أ- ئەو بڕەی دەمێنێتەوە لە کرێی خزمەتگوزاریی لەدوای لێبڕینی ئەو کرێ و خەرجییانـەی لە بڕگەکانی (دووەم) و (سێیەم) و (چوارەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە هەروەها ئـەو کرێ و خەرجییانەی لەو حاڵەتانە باسکراون کە تیایاندا فرۆشتن یان بەکرێدان نابێت لە حاڵەتی نەبوونی کەسێك نیازی کڕین یان بەکرێدانی هەبێت، ئەوا دابەش دەکرێت بەسەر فەرمانبـەرانی ئـەو فەرمانگەیـەی فرۆشـتن و بەکرێـدانی مایەکـە لەئەسـتۆ دەگرێـت لەگـەڵ فەرمانبـەرە یارمەتیدەرەکان پاڵپشت بە رێکسازییەك کـە وەزیـری تایبەتمەنـد دەری دەکـات و نابێـت ئـەم کرێیانە لەگەڵ کرێی دیکەی هاوشـێوە کۆبکرێنـەوە کـە فەرمانبـەرانی ئـەو فەرمانگەیـە وەری دەگرن.

ب- لەو رێژەیەی لە بەندی (أ)ی ئەم بڕگەیە باسکراوە کرێی بڵاوکردنـەوە و راگەیانـدنی ئەو حاڵەتانە وەردەگیرێت کە تیایاندا فرۆشتن یان بەکرێدان ناکرێت لەبـەر نـەبوونی کەسـێك نیازی هەبێت.

حەوتەم- حوکمەکانی ئەم ماددەیە پیادە دەکرێت بەسەر لیژنەکانی مەزەندەکردن و فرۆشتن و بەکرێدانی مایە گوێزراوە و نەگوێزراوەکان ئەوانەی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئـاینی پێکدەهێنرێن هەروەها بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی هاوەڵی ئەم لیژنانەش دەکەن.

## بەشی دووەم

## ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکان

**ماددەی ١٢**

ڕێکارەکانی فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم- لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکان لیستی زیادکرنێک ڕێکدەخات لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاکارانەی خانووبەرەکە ئەوانەی لە لایەن لیژنەی مەزەندەکردنەوە چەسپێندراون.

دووەم- ئەگەر ئەو مایە نەگوێزراوانەی دەویستزێن بفرۆشرێن یان بەکرێ بدرێن فرەبن ئەوا بۆ هەر یەکێکیان لیستێکی زیادکردن ڕێکدەخرێت.

سێیەم-

أ- ڕاگەیاندن دەکرێت بۆ فرۆشتن یان بەکرێدانی مایەی نەگوێزراوە بەزیادکردنی ئاشکرا لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە، یەکێکیان لە هەولێر دەردەچێت و ئەوەی دیکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایەی زیادکردنەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت، و وێنەیەك لە ڕاگەیاندنەکە لەو فەرمانگەیە هەڵدەواسرێت کە هەڵدەستێت بە فرۆشتن یان بەکرێدانی و وێنەیەکی دیکەش لە دەرگاکەی هەڵدەواسرێت، و هەروەها لیژنە، وێرای ئەمە، بۆی هەیە بڕیار بدات ڕاگەیاندنەکە بڵاوبکاتەوە و پەخشی بکات لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن ئەگەر وای بینی بەرژەوەندیی گشتی ئەمە دەخوازێت.

ب- ئەو مایە نەگوێزراوەی بەرامبەری مەزەندەکراوی بەکرێدانی ساڵانەی کەمتر بێت لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەدەر دەکرێت لە ڕاگەیاندن.

چوارەم-

أ- ڕاگەیاندنەکە گشت ئاکارەکانی مایە نەگوێزراوەکە لەخۆ دەگرێت ئەوانەی لەو کۆنووسە چەسپێندراون کە لەلایەن لیژنەی مەزەندەکردنەوە ڕێکخراوە لەگەڵ ڕۆژی زیادکردن و کاژێر و ڕێکەوت و مەرجەکانی بەشداریکردن تیایدا و ئەو شوێنەی تیایدا زیادکردنەکە ئەنجام دەدرێت و بڕی ئەو بارمتانەی (تأمینات) پێویستە سپاردە بکرێن.

ب- فرۆشتن یان بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکە بەگوێرەی ئەو ریزبەندییەی لە راگەیاندنەکە هاتووە ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم- لیستی زیادکردنەکە بەکراوەیی دادەندرێت بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لەو رۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی راگەیاندنەکە دەستپێدەکات، و پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی نیازی کڕین یان بەکرێگرتنیان لەوانەی مافی بەخاوەنبوون یان بەکرێگرتنیان هەیە سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ دەربڕینی نیازی کڕین یان بەکرێگرتن بەو مەرجەی هەر یەکێکیان بەر لە بەشداریکردنی لە زیادکردنەکە بارمتەیەك (تأمینات) سپاردە بکات کەمتر نەبێت لە (٢٠٪) بیست لەسەدی بەهای مەزەندەکراو لە حاڵەتی فرۆشتن یان لە بەرامبەری بەکرێدان بۆ تەواوی ماوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدانی.

شەشەم- زیادکردنی فرۆشتن یان بەکرێدان تەنها لە بازنەی ئەو یەکە کارگێڕییە دەکرێت کە مایە نەگوێزراوەکەی تێدایە و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بۆی هەیە لە کاتی پێویستی بڕیار بدات زیادکردنەکە لە ناوەندی ئەو پارێزگایە بکرێت کە مایە نەگوێزراوەکەی تێدایە.

حەوتەم- لە رۆژی دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی لە برگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە لەو کات و شوێنەی دیارکراون بۆ فرۆشتن یان بەکرێدان بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بەو مەرجەی بانگەوازەکە وەسفکردنێکی تەواوی ئەو مایە نەگوێزراوەیە لەخۆ بگرێت کە دەویسترێت بفرۆشرێت یان بەکرێ بدرێت.

هەشتەم- زیادکردنەکە بە ئاشکرا دەبێت و ناکرێتەوە بەکەمتر لە (٧٠٪) حەفتا لەسەدی بەهای مەزەندەکراو ئینجا لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان بڕیاری ئیحالەکردنی دەدات بۆ کۆتا کەسی زیادکار، و ئەو خستنەڕووەی هیچی لەسەر زیاد ناکرێت لە ماوەی (٥) پێنج خولەك بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەندرێت.

نۆیەم-

أ- دەکرێت خستنەسەر (ضم) بکرێت لەسەر بەرامبەری دواین زیادکردن لە ماوەی (٥) پێنج رۆژی کار لە رێکەوتی ئیحالەکردن بەو مەرجەی کەمتر نەبێت لە (١٥٪) پازدە لەسەدی دواین ئەو بەرامبەرەی زیادکردنەکە پێی گەیشتووە، لەو کاتەش راگەیاندن دەکرێت بۆ کردنەوەی زیادکردنێکی نوێ لەماوەی (٧) حەوت رۆژ لەو رۆژە دەستپێدەکات کە دەکەوێتە

دوای رۆژی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە لە ڕۆژنامە، ئینجا لەدوای ئیحالە دەکرێت و نابێت خستنەسەر بکرێت لەسەر کۆتا بەرامبەری زیادکردنەکە.

ب- داواکاری خستنەسەر لەسەر زیادکردن قەبوڵ ناکرێت تەنها لە دوای وەرگرتنی بارمتە یاساییەکان نەبێت بەپێی ئەو ڕێژانەی لەو بەرامبەرە دیارکراون کە کەسی داواکاری خستنەسەرەکە خستوویەتیەڕوو.

## ماددەی ١٣

یەکەم- ئەگەر بەرامبەری فرۆشتن یان بەکرێدانی مایەی نەگوێزراوە لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکرا نەگەیشتە ئەو بەهایەی بۆی مەزەندەکراوە لەلایەن لیژنەی مەزەندەکردنەوە ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ درێژ دەکرێتەوە، لەو ڕۆژە دەستپێدەکات کە دەکەوێتە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە لە ڕۆژنامە یان ڕۆژی دوای ڕێکەوتی دەرچوونی لە حاڵەتی بڵاونەکردنەوەی.

دووەم-

أ- ئەگەر بەرامبەری فرۆشتن یان بەکرێدانی مایەی نەگوێزراوە لە ئەنجامی زیادکردنی دووەم نەگەیشتە (٨٠٪) هەشتا لە سەدی بەهای مەزەندەکراو بۆی ئەوا لە لایەن لیژنەیەکی دیکە مەزەندەکردنی بۆ دەکرێتەوە کە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت و ڕاگەیاندن دەکرێت بۆ ئەنجامدانی زیادکردنێکی نوێ.

ب- لە کاتی نەگەیشتنی بەرامبەری فرۆشتن یان بەرامبەری بەکرێدان بە (٨٠٪) هەشتا لەسەدی بەهای مەزەندەکراوی جاری دووەم ئەوا پرسەکە دەخرێتە بەردەم وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆ ڕاوەستان لەسەر هۆیەکان و چارەسەرکردنیان یان هەڵوەشاندنەوەی زیادکردنی ئاشکرا.

## ماددەی ١٤

ئیحالەکردن لە کاتی فرۆشتن یان بەکرێدان بنبڕ نابێت تەنها لە دوای پەسەندی کردنی نەبێت لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات.

**ماددەی ١٥**

یەکەم-

أ- لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە راگەیاندن دەکرێت بۆ فرۆشتنی خانوو یان شووقە یان زەوی وزاری نیشتەجێبوون کە رووبەری لە (٣٠٠م) سێ سەد مەتر زیاتر نییە ئەوانەی مولکی دەوڵەتن لە نێوانیشیاندا مایەکانی دەوڵەتی سەر بە دیوانەکانی ئەوقاف جگە لەو زەوییانەی بەشێوەیەکی دروست (صحیح) یان نەوەیی (ذري) وەقفکراون، بۆ کارمەندانی دەوڵەت یان کەرتی گشتی لە هەرێم، بەو مەرجەی پێشەنگی بۆ ئەوانە بێت کە هاوسەرگیرییان کردووە و خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان یان ئەوانەی غەیری خۆیان بەخێودەکەن بەپێی بڕیارێکی دادگەریی بنبڕ خانووێك یان شووقەیەك یان زەوییێکی نیشتەجێبوونیان نییە بەشێوەی سەربەخۆ و پێشتر یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوییان لە دەوڵەت یان لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکان وەرنەگرتووە، فرۆشتنەکەش یەکەمجار لە نێوان کارمەندانی یەك وەزارەت دەکرێت لەگەڵ پێدانی پێشەنگی بە کارمەندانی ئەو فەرمانگەیەی خانووەکان یان شووقەکان یان زەوییەکانی نیشتەجێبوونی بۆ دەگەڕێتەوە، وە ئەگەر هیچ کارمەندێکی وەزارەت یان فەرمانگەی پەیوەندار نەهاتەپێش یان هەندێکیان مانەوە ئەوا سەرلەنوێ راگەیاندنی فرۆشتنی بۆ دەکرێت بە سەرجەم کارمەندانی دەوڵەت لە هەرێم و لە راگەیاندنەکەش ئاماژە دەکرێت بەوەی لە حاڵەتی نەبوونی کەسێك لەنێوانیاندا کە نیازی کڕینی هەبێت یان بەشێکیان مانەوە ئەوا سەرلەنوێ راگەیاندنی فرۆشتنی بۆ دەکرێت بە سەرجەم هاووڵاتیان ئەوانەی مەرجەکانی بەخاوەنبوونیان تێدایە.

ب- حوکمەکانی بەندی (أ)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە پیادە دەکرێت لەسەر ئەو فەرمانبەرانەی نیشتەجێ بووینە لەناو یەکەی نیشتەجێبوونی سەر بە فەرمانگەی دیارکراو ئینجا گواستراونەتەوە بۆ فەرمانگەی دیکە لەناو هەمان وەزارەت لەسەر بنەما پێویستییەکانی کار، هەتا نیشتەجێی ئەو خانووانە مابنەوە.

دووەم- فەرمانبەری خانەنشینکراو بۆی هەیە بەشداری بکات لە زیادکردنی تەرخانکراو بۆ سەرجەمی کارمەندانی دەوڵەت لە هەرێم بۆ فرۆشتنی ئەو خانووبەرانەی نیشتەجێبوونن کە لە بەندی (أ)ی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە روونکراونەتەوە لە حاڵەتی بوونی مەرجەکان تیایدا، بەڵام ئەگەر بە فیعلی نیشتەجێی خانووەکە بێت بەشێوەیەکی یاسایی لە کاتی فرۆشتنی خانووەکە ئەوا هەمان مامەڵەی کارمەندی ئەو فەرمانگەیەی بۆ دەکرێت کە خانووەکەی بۆ

دەگەڕێتەوە سەبارەت بە بەشداریکردن لە زیادکردنی ئاشکرا ئەگەر پێشتر ڕاستەوخۆ بەر لە خانەنشینکردنی سەر بەم فەرمانگەیە بووبێت بەو مەرجەی بەشێوەیەکی نووسراو بەڵێن بدات بە چۆلکردنی خانووەکە لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی بڕیاری ئیحالەکردنی زیادکردنەکە بۆ کەسێکی غەیر ئەو، بۆ پلەی بنبڕی و بەپێچەوانەی بەزۆرەکی خانووەکەی پێی چۆل دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی تایبەتمەندەوە بەبێ پێدانی هیچ ماوەیەکی چاوەڕوانکردنی دیکە.

سێیەم- ئەو پشکە هاوبەشانەی ناو خانووبەرەکانی نیشتەجێبوونی نەشیاو بۆ ئیفرازکردن بەدەر دەکرێن لە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەجۆرێك ڕاگەیاندنی فرۆشتنی بۆ دەکرێت بۆ سەرجەم هاوڵاتیان.

**ماددەی ١٦**

وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات دەسەڵاتی هەیە ڕاگەیاندن بکات لەسەر دروستکردنی مافەکانی بانەوانیی لەسەر مایە نەگوێزراوەکان بۆ مەبەستەکانی چالاکی بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێنان لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە بەهەمان ئەو ڕێکارانەی لە ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم- بەو مەرجەی ماوەی بانەوانیی زیاتر نەبێت لە (بیست و پێنج) ساڵی نەشیاو بۆ نوێکردنەوە کە لە دوایدا بیناکارییەکان دەبنە موڵکی لایەنی خاوەندار بەبێ بەرامبەر.

دووەم- بەرامبەری بانەوایی ساڵانە وەردەگیرێت بەو مەرجەی هەر پێنج ساڵ جارێك لە ڕێکەوتی بەستنی گرێبەستی بانەوانیی پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، و ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیری پەیوەندار دەری دەکات.

سێیەم- کەسی بانەوانکار پابەند دەبێت بە دروستکردنی بیناکارییەکان لەو ماوەیەی لە گرێبەستی بانەوانیی دیارکراوە و ڕەزامەندی لەسەردراوە لەلایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات لەگەڵ پێشکەشکردنی بارمتەیەکی کۆتایی کە هاوتا بێت لەگەڵ (٥٪) پێنج لە سەدی بەهای تەواوی بڕە پارەی زیادکردنەکە لە بڕی تەواوی ماوەی گرێبەستەکە بۆ مسۆگەرکردنی چاك

جێبەجێکردن و بەدرێژایی ماوەی گرێبەستەکە بەرکار دەبێت، لەگەڵ نوێکردنەوەی ئەم گەرەنتییە بەر لە سەرەتای ساڵانی دواتر گرێبەستەکە، و نابێت ئەم گەرەنتییە دەستی لەسەر لابردرێت تەنها لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستە پێڕاگەیاندراوەکە نەبێت، وە لە حاڵەتی دروست نەکردن لەو ماوەیەدا ئەوا بڕە پارەکەی گەرەنتی دەستی بەسەردادەگیرێت و گرێبەستی بانەوانیش بە هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت و ئەو بیناکارییەی هەیە دەبێتە مولکی لایەنی خاوەندار بەبێ بەرامبەر.

چوارەم- ئەگەر کەسی بانەوانیکار دوابکەوێت لە دانەوەی بەرامبەری ساڵانە لە وادەی دیارکراودا ئەوا وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە وەرگرتنی ئەو بەرامبەرە بۆ ماوەیەکی گونجاو لە رێکەوتی شایستەبوونی دوابخات لەم حاڵەتەش سوودی دواکەوتن بەرێژەی (٧٪)ی حەوت لە سەدی بەرامبەری شایستە دەخرێتە ئەستۆی کەسی بانەوانیکار. وە ئەگەر ئەمە دووبارە بێتەوە ئەوا وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە گرێبەستی بانەوانیی هەڵبوەشێنێتەوە و بیناکارییەکان دەبێتە مولکی لایەنی خاوەندار بەبێ بەرامبەر.

## بەشی سێیەم

## دانەوەی بەرامبەر

### لقی یەکەم

### دانەوەی بەرامبەری فرۆشتنی مایەی نەگوێزراوە

#### ماددەی ١٧

یەکەم- کڕیار پابەند دەبێت بەدانەوەی بەرامبەری فرۆشتنی مایەی نەگوێزراوە بەیەکجار لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رێکەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ.

دووەم- وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بۆی هەیە رەزامەندی بدات لەسەر دانەوەی بەرامبەری فرۆشتن بەشێوەی قیست بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

أ- نیوەی بەرامبەری فرۆشتن و تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە ڕێکەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ.

ب- باقی بەرامبەری فرۆشتن بە چەند قیستێك کە لە (٥) پێنج قیست زیاتر نەبێت، و وادەی دوایین قیست نەگاتە زیاتر لە (٣) سێ ساڵ لەو ڕێکەوتەی لە بەندی (أ)ی ئەم برگەیە دیارکراوە.

سێیەم- ئەو حوکمانەی دادین پیادە دەکرێت لەکاتی فرۆشتنی خانووبەرەی نیشتەجێبوونی موڵکی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بە کارمەندانی لە کاتی دانەوەی بەرامبەری فرۆشتنەکەی:

أ- ڕێژەی بارمتەکان (٥٪) پێنج لە سەدی بەهای مەزەندەکراوی یەکە یان پارچە زەوی نیشتەجێبوون دەبێت.

ب- ڕێژەی (٥٪) پێنج لەسەدی بەرامبەری فرۆشراوەکە وەردەگیرێت وەك پێشەکی و باقیەکەی بە قیستی ساڵانەی یەکسان بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ لە ڕێکەوتی فرۆشتنەکە دەدرێتەوە.

چوارەم- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەوەی تەخویلی دەکات بۆی هەیە ئەو قیستانەی شایستەن لەسەر پرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ ئەوانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە فرۆشراون دووبارە وادەکانیان دابڕێژێتەوە بەو شێوەیەی ماوەی قیستکردنەکە زیاد بکات ئەگەر پاڵپشت بێت بە راسپاردەی لیژنەیەکی تایبەتمەند کە بەفەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەوەی تەخویلی دەکات پێکدەهێنرێت بۆی دەرکەوت پاساو یان بارودۆخی واهەیە پێویست بەمە دەکات، و بەو سوودەی دواکەوتنە کە بانکە حکومییەکان وەریدەگرن بەگوێرەی سروشتی خانووبەرە فرۆشراوەکە.

**ماددەی ١٨**

یەکەم- ئەگەر کڕیار دوابکەوێت لە دانەوەی یەکێك لە قیستەکانی لە وادەی خۆیدا ئەوا وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە وەرگرتنەوەی ئەو قیستە دوابخات لەسەر داواکاری کڕیار بۆ ماوەیەکی گونجاو لە ڕێکەوتی شایستەبوونی، وە لەم حاڵەتەش ئەو سوودەی دواکەوتنەی بانکە حکومییەکانی وەریدەگرن دەخرێتە ئەستۆی کڕیار بەگوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە سەبارەت بەو قیستەی شایستەیە لەسەری.

دووەم- ئەگەر دواکەوتنی دانەوە دووبارە بێتەوە ئەوا وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بۆی هەیە بڕیار بدات یان بە قەبولکردنی دانەوەی قیست یان قیستە دواکەوتووەکان ئەگەر وایبینی پێویستییەك هەیە ئەمە بخوازێت لەگەڵ ئەوەی ئەو سوودەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقی لەسەرکراوە بخرێتە سەر قیست یان قیستە دواکەوتووەکان، یان هەڵوەشاندنەوەی بەقیستکردنەکە و ئەوەی ماوە بەیەکجار وەربگرێت.

سێیەم- ئەگەر ئەکرا ئەو قیستانەی دواکەوتوونە وەربگیرێنەوە و بڕیارێك لە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دراکرا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بەقیستکردنەکە و بەیەکجار وەرگرتنەوەی ئەوەی ماوە ئەوا ئەم ڕێکارەی خوارەوە دەگیرێتەبەر:

أ- ئەگەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بەناوی کڕیار تۆمار نەکرابێت ئەوا لە لایەنی خاوەندار دەفرۆشرێت پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە لەم حاڵەتەش کڕیاری دووەم بەرامبەری کڕین بەیەکجار دەدات و لە نرخەکەی ئەو قیستانەی مابوونەوە لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم لەگەڵ سوودەکانی دوواکەوتن و خەرجییەکانی فرۆشتنی دووەم وەردەگیرێت و ئەو برە پارانەی لێی دراونەتەوە رادەستی کڕیاری یەکەم دەکرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە وەك داهاتێك بۆ لایەنی خاوەندار تۆمار دەکرێت.

ب- ئەگەر خانووبەرەکە بەناوی کڕیار تۆمارکرابێت ئەوا بەپێی حوکمەکانی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١، یان هەر یاسایەك جێگەی بگرێتەوە، دەفرۆشرێت لەسەر بنەمای ئەوەی گلدانەوەی بۆکراوە بەحوکمی ڕەهنی تەئمینی لەبری ئەوەی ماوەتەوە لە بەرامبەری فرۆشتنی و ئەو قیستانەی ماونەتەوە لەگەڵ سوودەکان لە نرخەکەی وەردەگیرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە لە نرخەکەی رادەستی کڕیار دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانووبەرە بەپێی یاسا.

## ماددەی ١٩

خانووبەرەی فرۆشراو لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە بەناوی کڕیار تۆمار دەکرێت و لە دوای ئیحالەکردنی بنبڕ و دانەوەی تەواوی بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی یان ئەو بەشەی پابەندە بەدانەوەی لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لەدوای ڕەزامەندیدان لەسەر بەقیستکردنی

رادەستی دەکرێت و دانەوەی باقی بەرامبەرەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕێکـدەخرێت، و ئاماژەی گلدانەوە لەسەر خانووبەرەکـە لـە فەرمانگـەی تۆمـارکردنی خانووبـەرەی تایبەتمەنـد دادەندرێت و ئەم ئاماژەیەش بەحوکمی ڕەهنی تەئمینی دەبێت.

## لقی دووەم

## دانەوەی بەرامبەری بەکرێدانی مایەی نەگوێزراوە

**ماددەی ٢٠**

یەکەم- کرێچی پابەند دەبێت بە دانەوەی بەرامبەری بەکرێدان لەگەڵ تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ ئەگەر ماوەی گرێبەستەکە زیاتر نەبێت لە ساڵێك و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یـان ئـەو کەسـەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بۆی هەیە ڕەزامەنـدی بـدات لەسـەر دانـەوەی بەرامبـەری بەکرێدانەکە بەقیست بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- یەك لەسەر سێی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە لە مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ لـە ڕێکـەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ.

ب- باقی بەرامبەری بەکرێدانی ساڵانە بە چەند قیستێك بەو مەرجەی لە (٤) چوار قیسـت زیاتر نەبێت و وادەی دوایین قیست نەگاتە زیاتر لە (٩) نۆ مانگ لە ڕێکـەوتی دەسـتپێکردنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانەکە.

دووەم- ئەگەر ماوەی گرێبەستی بەکرێدان لـە سـاڵێك زیـاتر بێـت ئـەوا کرێچی پابەنـد دەکرێت بەدانەوەی تەواوی بەرامبەرەکە لەگەڵ خەرجییەکان لـە مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ لـە ڕێکەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ، و وەزیری تایبەتمەند یـان سـەرۆکی لایـەنی نەبەسـتراوە یـان ئـەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکـات بـۆی هەیـە ڕەزامەنـدی بـدات لەسـەر دانـەوەی بەرامبەری بەکرێدانەکە بەقیست بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- یەك لەسەر سێی تەواوی بەرامبەری بەکرێدانەکە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکـەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ.

ب- باقی بەرامبەرەکە بە چەند قیستێك کە ژمارەیان زیاتر نەبێت لە دووهێندەی ساڵەکانی بەکرێدان بەو مەرجەی دواین قیست بەلای کەم بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی بەکرێدانەکە بە (٦) شەش مانگ بدرێت.

**ماددەی ٢١**

یەکەم- ئەگەر کرێچی دوابکەوێت لە دانەوەی یەکێك لە قیستەکان لە وادەی خۆی ئەوا ئەو قیستەی دواکەوتووە پێبژاردنێکی دەخرێتە سەر هاوتابێت لەگەڵ نرخی سوودی دواکەوتن ئەوەی بانکە حکومییەکان وەریدەگرن بەگوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە و ئەگەر ئەمە دووبارە ببێتەوە ئەوا وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بۆی هەیە لە دوای هۆشداریدان بە کرێچی، قیستەکان هەڵبوەشێنێتەوە و ئەوەی ماوە لە بەرامبەری بەکرێدانەکە و پێبژاردنەکە بەوەی هاوتایە لەگەڵ نرخی سوودی شایستەبوو بەیەکجار وەربگرێتەوە بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

**ماددەی ٢٢**

بەکرێدراوەکە رادەستی کرێچی ناکرێت بەر لە دانەوەی بەرامبەری بەکرێدانەکە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٢٠)ی ئەم یاسایە.

## بەشی چوارەم

## پاشگەزبوونەوەی (نکول) کڕیار یان کرێچی

**ماددەی ٢٣**

یەکەم- ئەگەر کەسی ئیحالەبۆکراو پاشگەز ببێتەوە لە دانەوەی بەرامبەری فرۆشراوەکە و خەرجییەکان لە حاڵەتی فرۆشتن و بەرامبەری بەکرێدان و خەرجییەکان لە حاڵەتی بەکرێدان، ئەوا مایە نەگوێزراوەکە دەخرێتە بەردەم دواین کەسی زیادکار ئەوەی بەر لە کەسی پاشگەزبوو دەستی خۆی کشاندۆتەوە بەو بەرامبەرەی کە خستبوویەڕوو، ئەگەر رازی بێت لەسەر بردنی و

بارمتە یاساییەکانی دا بەپێی ئەو ڕێژانەی دیارکراون لەو بەرامبەرەی خستوویەتیەڕوو، ئەوا کەسی پاشگەزبوو بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدان، جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەر لەو بارمتەیەی داویەتی لەئەستۆ دەگرێت لە حاڵەتی فرۆشتن، و جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەر لە بڕی تەواوی ماوەی بەکرێدان لەو بارمتەیەی داویەتی لە ئەستۆ دەگرێت لە حاڵەتی بەکرێدان، ئەگەر بەشی نەکرد ئەوا لە مایەکانی دیکەی، ئەمەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان وەردەگیرێت.

دووەم- ئەگەر کەسی زیادکاری پێش کەسی پاشگەزبوو ڕەتی کردووە مایە نەگوێزراوەکە ببات بەو بەرامبەرەی خستبوویەڕوو، ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن ئەنجام دەدرێتەوە پاش بەسەرچوونی ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە لە ڕۆژنامە دەستپێدەکات لیستی فرۆشتنەکە لەم ماوەیە بە کراوەیی دەبێت و کەسی پاشگەزبوو بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی زیادکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەکەی وەردەگیرێت لە حاڵەتی فرۆشتن، و جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەکە لە بڕی تەواوی ماوەی بەکرێدان و خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی زیادکردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەکەی وەردەگیرێت لە حاڵەتی بەکرێدان، و ئەگەر بەشی نەکرد ئەوا لە مایەکانی دیکەی بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

سێیەم- ئەگەر کەسێك دەستنەکەوت نیازی کڕینی مایە نەگوێزراوەکەی هەبێت لە حاڵەتی فرۆشتن یان کرێچییەك لە حاڵەتی بەکرێدان ئەوا ئەو بارمتانەی کەسی پاشگەزبوو داویەتی دەبێتە داهاتێك بۆ لایەنی خاوەنداری مایە نەگوێزراوەکە، وە ئەگەر کەمتر بێت لە خەرجییەکانی هەردوو زیادکردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبوو جیاوازی نێوانیان لەئەستۆ دەکرێت و لە مایەکانی وەردەگیرێت بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

چوارەم- ڕێگەنادرێت کەسی پاشگەزبوو بەشداربێت لەو زیادکردنەی پاشگەزبوونەوەکەی بۆتە هۆکاری دووبارەکردنەوەی.

## دەروازەی سێیەم

## فرۆشتن و بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیادکردن

### بەشی یەکەم

### فرۆشتنی مایە نەگوێزراوەکان

**ماددەی ٢٤**

یەکەم- دەکرێت مایە نەگوێزراوەکان بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بەبەرامبەرێکی گونجاو بەو مەرجەی کەمتر نەبێت لە (٥٠٪) پەنجا لەسەدی بەرامبەری راستەقینەی خانووبەرەکە و بەگوێرەی ئەو نرخانەی باون بۆ خانووبەرە هاوشێوە و تەنیشتەکانی ئەوەی لیژنەی مەزندەکردن مەزندەی دەکات و وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت ڕەزامەندی دەدات، بفرۆشرێنە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە حاڵەتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە بۆ مەبەستە فەرمییەکانی فەرمانگە.

دووەم- شارەوانی تایبەتمەند لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆی هەیە ئەو زەوییانەی بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراون بە بەرامبەرێکی راستەقینە و بەگوێرەی نرخە باوەکانی هاوشێوە و تەنیشتەکانی ئەوەی لیژنەی مەزندەکردنی دەقنووسکراو لەم یاسایە مەزندەی دەکات بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێنە ئەو کەسە عێراقییانەی خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شووقە یان زەوییەکی نیشتەجێبوونیان نییە بە سەربەخۆیی و پێشتر یەکەی نیشتەجێبوون یان پارچە زەوی نیشتەجێبوونیان لەدەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکردن وەرنەگرتووە.

سێیەم- وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات، لە ڕێگەی کۆنووسی دەرخستەکردن لەگەڵ فەرمانگەی خانووبەرە بۆی هەیە بڕیار بدات:

أ- بە فرۆشتنی پاشماوەی ڕێگەوبانەکان و ئەو پاشماوانەی دەرئەنجامن بۆ هەر سەرچاوەیەکی دیکە ئەوانەی ڕووبەرەکانیان کەمترە لە نزمترین ئاستی ئیفرازکردن یان ئەوانەی ئیفراز ناکرێن، ئەمەش بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیری تایبەتمەند دەری دەکات.

ب- فرۆشتنی پارچە زەوی ئیفرازکراو بە سەنەدێکی سەربەخۆ یان ئەوەی دەکرێت ئیفراز بکرێت و دەروازەکی هەیە لەسەر ڕێگەی گشتی بە زیادکردنی ئاشکرا وەك پارچە زەوییەکی سەربەخۆ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەو مەرجەی ڕێگە نەگریت لە پارچە زەوییەکانی تەنیشت خۆی.

## بەشی دووەم

## بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکان

**ماددەی ٢٥**

یەکەم- دەکرێت مایە نەگوێزراوەکان بە بەرامبەری ڕاستەقینە و بەگوێرەی بەرامبەرەکانی بەکرێدانی باو بۆ هاوشێوە و تەنیشتەکانی ئەوەی لیژنەی مەزەندەکردنی پێکهێنراو بەپێی ئەم یاسایە مەزەندەی دەکات بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بە بڕیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات بەکرێ بدرێن بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

أ- کارمەندانی فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی لە هەرێم بەنیسبەت ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە مولکی دەوڵەتن.

ب- فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و سەندیکا و یەکێتی و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکان لە هەرێم بۆ مەبەستی وەسوودهێنانی مایە نەگوێزراوە بەکرێدراوەکە وەك فەرمانگە یان بارەگایەك بۆ کارەکانی یان بۆ مەبەستەکانی ئەوانەی لە یاساکان دەقیان لەسەکراوە.

ج- کرێچییەکانی حانووەتەکانی هێزە چەکدارەکانی ناو سەربازگە و کۆگا و قوتابخانە و نەخۆشخانە سەربازییەکانی و هی دیکە و کرێچییەکانی حانووتەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت

و کەرتی گشتی ئەوانەی بارودۆخی تایبەتیان هەیە کە پێویست دەکات ڕەچاووی وردبینی بکرێت لە دەستنیشانکردنی کەسی کرێچی.

د- خاوەنی ئەو مولکانەی دەکەونە تەنیشت کەنارەکانی مولکی دەوڵەت ئەگەر ئەو کەنارانەی دەویسترێت بەکرێ بدرێن پێیەوە لکاو بن و ڕێگەی هاتووچۆیان تەنها لەناو ئەو مولکانە هەبێت.

هـ- کرێچییەکانی ئەو خانووبەرانەی تەرخانکراون بۆ بەرهەمهێنانی نان و سەمون لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی یەکەمیان ئەوەی لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکراوە گرێدراوە بەو مەرجەی بەرامبەری بەکرێدان دووبارە مەزەندەکردنی بۆ بکرێت لە لایەن لیژنەی مەزەندەکردنی پێکهێنراو بەپێی ئەم یاسایە.

و- کرێچییەکانی ئەو زەوییانەی مولکی دەوڵەتن بۆ مەبەستی دامەزراندنی وێستگەکانی حەسانەوە و وێستگەکانی پڕکردنەوەی سووتەمەنی لەسەر ڕێگە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان ئەوانەی ڕێکسازییەکانی بەکرێدانی زەوی لەسەر ڕێگە دەرەکییەکان دەیانگرێتەوە بۆ دروستکردنی وێستگەی حەسانەوە لەسەریان تەنها بۆ جاری یەکەم و لە دوای تەواوبوونی ماوەی بەکرێدانەکەی ملکەچ دەبێت بۆ ڕێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا.

ز- کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە پسپۆڕن لە سیستەمەکانی گەیاندن ئەوانەی مۆڵەتی یاساییان وەرگرتووە و گرێبەستیان کردووە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند بە مەبەستی دروستکردنی تاوەرەکانی پرۆژەی مۆبایل و هۆڵەکانی پرۆژەی مۆبایلی بێتەل و هۆڵەکانی بەکارهێنانی وێستگەکانی (VSAT) ئەوانەی بە بگۆڕەکان دەبەسترێنەوە.

دووەم-

أ- وەزیری بازرگانی و پیشەسازی تەخویل دەکرێت بە دەسەڵاتی بەکرێدانی ئەو زەوییانەی نانەواخانە و ئاش و کەراج و شوێنەکانی چاککردنەوەی ئەو دامەزراوانەیان لەسەر بیناکراوە بەو کەسانەی زیادکردنی ئاشکرای ئەو دامەزراوانەیان بەسەردا دەنیشێت.

ب- ئەو زەوییانەی لە بەندی (أ)ی ئەم بڕگەیە باسکراون بەدەر لە ڕێکارەکانی زیادکردنی ئاشکرا بەکرێ دەدرێن و بەرامبەری بەکرێدانەکەی پێشوەختە دیار دەکرێت لە لایەن لیژنەی مەزەندەکردنی پێکهێنراو بەپێی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە.

سێیەم- وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت لەسەر داوای کرێچی بۆی هەیە ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین درێژ بکاتەوە بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بەکرێدراون بەو مەرجەی بەرامبەری راستەقینە هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دووبارە مەزندە بکرێتەوە بەپێی ئەو رێکارانەی لەم یاسایەدا بڕیاردراون.

چوارەم-

أ- وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە لەسەر داوای کرێچی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی ئەو خانووبەرانەی بۆ نیشتەجێبوون نین کە بە زیادکردنی ئاشکرا بەکرێدراون درێژ بکاتەوە ئەگەر ماوەی بەکرێدانی رەسەن لە (١٠) دە ساڵ کەمتر بێت و مەرجە ماوەی رەسەن و ماوەی درێژکردنەوەکە زیاتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ.

ب- پێویستە لەسەر کرێچی داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بکات ئەگەر نیازی هەبێت بۆ درێژکردنەوە بەر لە (٣) سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی رەسەن و بە پێچەوانەی مافی داواکردنی درێژکردنەوەی نامێنێت.

جـ- لە کاتی رەزامەندیدان لەسەر داواکاری درێژکردنەوە ئەوا سەربارێك دەخرێتە سەر بەرامبەری بەکرێدانی ناونراو لە گرێبەست بە رێژەی (١٠٪) دە لە سەدی بەکرێدانی ساڵی پێش درێژکردنەوەکە بەرامبەر بە هەر ساڵێك لە ساڵەکانی درێژکردنەوە بەپێی هاوکێشەیەکی ژمارەیی.

**ماددەی ٢٦**

وەزیری دارایی و ئابوری بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەسەر داوای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆی هەیە ئەو زەوییانەی مولکی دەوڵەتن بەکرێ بداتە وڵاتانی بیانی بۆ دروستکردنی بارەگای نوێنەرایەتییە سیاسیەکانیان یان قونسوڵخانەکانیان یان بۆ مەبەستی دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون لەسەریان یان نووسینگە بۆ پاشکۆکیان ئەویش بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ماوەی بەکرێدانی رێگەپێدراو لە وڵاتی لایەنی بەرامبەر، ئەویش بە بەرامبەرێك لیژنەیەکی تایبەت مەزندەی دەکات کە وەزیری دارایی و ئابوری پێکیدەهێنێت یان بەبێ بەرامبەر بە مەرجی بوونی هەمان شت لە لایەنی بەرامبەر.

## ماددەی ٢٧

بەرامبەرەکانی بەکرێدانی مایە نەگوێزراوەکان لە لایەن لیژنەکانی مەزەندەکردنەوە دیار دەکرێت و ئەم بەرامبەرانەش بنبڕنابن هەتا پەسەند نەکرێن لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات مەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانەی ئەمە دەق بکات.

# دەروازەی چوارەم

# فرۆشتن و بەکرێدانی مایە گوێزراوەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی ئاشکرا

## بەشی یەکەم

## فرۆشتنی مایە گوێزراوەکان

## ماددەی ٢٨

یەکەم- بەهای ئەو مایەی دەویسترێت بفرۆشرێت مەزەندە دەکرێت لە لایەن لیژنەی مەزەندەکردنی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە بێجگە لە نوێنەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە، و لە مەزەندەکردنی بەهاکەی ئەو ڕێکارانە دەگیرێنەبەر کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەرکراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی سروشتی مایەی گوێزراوە.

دووەم- لیژنە کۆنووسێك ڕێکدەخات ئاکارەکانی مایە گوێزراوەکە و بەها مەزەندەکراوەکەی لەخۆ دەگرێت و لە لایەن ئەندامانی لیژنە و شارەزایان، ئەگەر هەبن، واژوو دەکرێت، ئەم مەزەندەکردنەش بنبرنابێت تەنها لەدوای پەسەندکردنی نەبێت لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات.

## ماددەی ٢٩

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٩)ی ئەم یاسایە فرۆشتنی مایە گوێزراوەکە لەئەستۆ دەگرێت بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:

یەکەم- لیستێکی زیادکردن ڕێکدەخرێت لەبەر ڕۆشنایی ئاکارەکانی ئەو مایەی دەویسترێت بفرۆشرێت ئەوەی لە کۆنووسی لیژنەی مەزەندەکردن چەسپێندراوە، و ڕاگەیاندن دەکرێت لەسەر ئەوەی مایەکە دەخرێتە زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەیەك لە (٧) حەوت ڕۆژ کەمتر نەبێت و لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت لەو ڕۆژەی دەکەوێتە دوای بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کە لە هەولێر دەردەچێت و وێنەیەك لە ڕاگەیاندنەکە لەو فەرمانگەیە هەڵدەواسرێت کە فرۆشتنی لە ئەستۆ دەگرێت، و وێنەیەکی دیکە لەو شوێنەی تەرخانکراوە بۆ فرۆشتن و لیژنە بۆی هەیە بڕیار بدات ڕاگەیاندنەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بلاوبکاتەوە ئەگەر وایبینی بەرژەوەندیی گشتی ئەمە دەخوازێت.

دووەم: پێویستە ڕاگەیاندنەکە گشت ئاکارەکانی ئەو مایەی دەویسترێت بفرۆشرێت و ڕۆژ و ڕێکەوتی زیادکردنەکە و کاژێرەکەی و مەرجەکانی بەشداریکردن تیایدا و بڕی ئەو بارمتانەی پێویستە سپاردە بکرێن و ئەو شوێنەی لێی دەکرێت لەخۆ بگرێت.

سێیەم: لیستی زیادکردنەکە بە کراوەیی دادەنرێت لەو ڕۆژەی دەکەوێتە دوای بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە و پێویستە لەسەر ئەوانەی نیازی بەشداریکردنیان هەیە تیایدا سەردانی فەرمانگەی تایبەتمەند بکەن بۆ نیشاندانی نیازی کڕین بەو مەرجەی هەر یەکێکیان بارمتەیەك سپاردە بکات کەمتر نەبێت لە (٢٠٪) بیست لەسەدی بەهای مەزەندەکراوی مایەکە بەر لە بەشداریکردن لە زیادکردنەکە.

چوارەم- لەو ڕۆژەی دیارکراوە بۆ فرۆشتن لە کات و شوێنی دیارکراو بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە و بەو بەهایەی مەزەندەکراوە بەو مەرجەی بانگەوازەکە وەسفکردنێکی تەواوی ئەو مایانەی دەویسترێن بفرۆشرێن لەخۆ بگرێت.

پێنجەم- زیادکردنەکە بە ئاشکرایی دەکرێت، ئینجا لیژنەی فرۆشتن بڕیار دەدات بە ئیحالەکردنی بۆ دوایین کەسی زیادکار، و ئەو خستنەڕووەی لەسەری زیاد ناکرێت لە پاش بەسەرچوونی (٥) پێنج خولەك بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەنرێت.

شەشەم- دەکرێت خستنەسەر بکرێت لەسەر بەرامبەری دوایین زیادکردن لە ماوەی (٥) پێنج رۆژی کارکردن لە رێکەوتی ئیحالەکردنەوە بەو مەرجەی لە (١٥٪) پازدە لەسەدی دوایین بەرامبەر کەمتر نەبێت وداواکردنی خستنەسەرەکەش بە قەبولکراو دانانرێت هەتا کەسی داواکاری خستنەسەرەکە بارمتەی یاسایی نەدات بە رێژەی (٢٠٪) بیست لە سەدی ئەو بەرامبەرەی خستوویەتیەڕوو، لەو کاتەش راگەیاندن دەکرێت بۆ کردنەوەی زیادکردنێکی نوێ بۆ ماوەی (٧) حەوت رۆژ لەو رۆژە دەستپێدەکات کە دەکەوێتە دوای بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکە ئینجا لەدوایدا ئیحالە دەکرێت و نابێت خستنەسەر بکرێت لەسەر بەرامبەری دوایین زیادکردن.

**ماددەی ٣٠**

یەکەم- ئەگەر بەرامبەر فرۆشتنی مایەکە لە ئەنجامی زیادکردنی ئاشکرا نەگەیشتە ئەو بەهایەی بۆی مەزەندەکراوە لە لایەن لیژنەی مەزەندەکردنەوە، ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە رۆژ درێژ دەکرێتەوە لەو رۆژەش دەستپێدەکات کە دەکەوێتە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکە لە رۆژنامەکان.

دووەم- مایەکە لە زیادکردنی دووەم دەفرۆشرێت بەو نرخەی لەسەری دەنیشێت ئەگەر لەو مایانە نەبێت کە دەکرێت لە پیشەسازیی گۆڕین سووی لێ وەربگیرێت.

سێیەم- ئەگەر لیژنەی فرۆشتن وایبینی ئەو نرخەی زیادکردنی دووەم لەسەری نیشتووە بەرژەوەندیی گشتی دەستەبەر ناکات ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە رۆژی دیکە درێژ دەکرێتەوە لەو رۆژەش دەستپێدەکات کە دەکەوێتە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکە لە رۆژنامەکان، و مایەکان لە زیادکردنی سێیەم بەو نرخە دەفرۆشرێن کە لەسەری دەنیشێت.

**ماددەی ٣١**

ئیحالەکردن بنبڕنابێت هەتا پەسەند نەکرێت لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی هەر کامیان بێت تەخویلی دەکات.

**ماددەی ٣٢**

ئەگەر دواین کەسی زیادکار ئەوەی زیادکردنەکەی لەسەر نیشتووە پاشگەز ببێتەوە لە دانەوەی بەرامبەری فرۆشراوەکە و تەواوی خەرجییەکان لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ لە رێکەوتی ئیحالەکردنی بنبڕ، ئەوا مایە فرۆشراوەکە دەخرێتە بەردەم دواین کەسی زیادکار ئەوەی پێش کەسی پاشگەزبوو دەستی خۆی کشاندۆتەوە بەو بەرامبەرەی خستبوویەڕوو، ئەگەر رازی بوو لەسەر بردنی و بارمتە یاساییەکانی دا بە رێژەی (٢٠) بیست لەسەدی بەرامبەرەکە، ئەوا کەسی پاشگەزبوو بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەر لەئەستۆ دەگرێت و لە بارمتەکانی وەردەگیرێت وە ئەگەر بەشی نەکرد ئەوا لە مایەکانی دیکەی وەردەگیرێت بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

دووەم- ئەگەر کەسی زیادکاری پێش کەسی پاشگەزبوو، رەتی کردەوە مایە فرۆشراوەکە ببات بەو بەرامبەرەی پێشتر خستبوویەڕوو ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن دەکرێتەوە پاش بەسەرچوونی ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لەو رۆژەی دەکەوێتە دوای بڵاوکردنەوەی راگەیاندنەکە دەستپێدەکات و لیستی فرۆشتنەکە لەم ماوەیە بە کراوەیی دەبێت و کەسی پاشگەزبوو بە بڕیاری لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان جیاوازی نێوان هەردوو بەرامبەرەکە و خەرجییەکانی ئەو زیادکردنەوەی لێی پاشگەزبۆتەوە لەئەستۆ دەگرێت، و ئەمەش لە بارمتەکانی وەردەگیرێت وە ئەگەر بەشی نەکرد ئەوا لە مایەکانی دیکەی وەردەگیرێت بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

سێیەم- ئەگەر کەسێك دەستنەکەوت نیازی کڕینی مایە گوێزراوەکەی هەبێت ئەوا ئەو بارمتەیەی کەسی پاشگەزبوو داویەتی بە داهاتێك بۆ لایەنی خاوەنداری مایەکە دادەنرێت وە ئەگەر کەمتربێت لە خەرجییەکانی هەردوو زیادکردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبوو جیاوازییەکەی لەئەستۆ دەگرێت و لە مایەکانی وەردەگیرێت بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان.

**ماددەی ٣٣**

